کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-2-2007 23:55 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕونکردنەوەیەک و هۆکارەکانی بێزار بوون لە حکومەتی هەرێم. . جەلال ڕەووف ئەمین




لیدس شارێکی گەورەی بەریتانیایە و ڕەوەندێکی زۆری لە کورد تێدایە کە 3 چێشتخانە و 2 سوپەرمارکێت و زیاتر لە 5 سەرتاشخانە خاوەنەکانیان کوردن و ڕۆژانە جێگای کۆبونەوە و یەکتر بینین و کات بەسەربردنیانە، ئامارێکی تەواو لە لایەن کاربەدەستانی شار و کۆمەڵەی کوردیشەوە بۆ ئەم ڕەوەندە نیە و ژمارەی خێزاندار و منداڵانیش زیاتر لە هەڵکشان و زۆربوندایە هەر بۆیە ئێمە وەک کۆمەڵەی کوردی لیدس پلانی گشتگیر و هەمە جۆرمان هەیە کە زوگرد و خێزانەکان لە بۆتەی یەکتر ناسین و ڕاوێژکاریدا گردکەینەوە بۆ بە هێزکردنی گیانی نیشتمان پەروەری و ئەکتیف بونیان لە بۆنە مێژوییەکاندا، زوربەی کوردەکانی ئێرە خەڵکی باشوری کوردستانن و پەیوەستن بە ژیانی ژێر دەسەڵاتداریەتی حکومەتی هەرێمەوە ئەمەش وادەکات لە میکانیزمی کاری هاوبەش و گرتنەبەری ڕێگای نزیک بونەوەمان بپرسین ئەم پرسەش یەک لایەنە ناکرێت و ئێمە پەیوەیەندیمان بە چەند کەسایەتیەکی نوێنەری حکومەتەکەمانەوە کرد لە لەندەن بانگهێشتمان کردن و هۆڵێکمان گرت بۆ سازدانی کۆڕێک کاتێک ئەوان ڕەزامەندیان نواند بەڵام بە داخەوە ئەوکاتی دەبوو بەیانی کۆڕەکە ڕێکبخرێت هەواڵی نەهاتنی خۆیان پێراگەیاندین، سەرەکی ترین هۆکاری بێزاری و نارازی بونی ئەم خەڵکە لە دەسەڵاتی کوردی لە یەک نەگەیشەن و دورە پەرێزی ئەو نێوەندە دەسەڵاتەیە کە هەمیشە وادەبینێ پەیوەندیەکان لە دامێنەوە هەڵدەکشێن و دانەواندن و لە دامێن پرسینیان لەلا هەڵەیە لێرەوە دەبینین ئیسلامیەکان و نەیارانی تری حکومەت خاڵە لاوازەکان گەورە دەکەن و دەیکەنە لەمپەرێکی نێوان ئەم لەیەک نەگەیشتنەو نوێنەرانی دەسەڵاتیش کەرەی شەربەت ئاسا خۆ لە گێلی دەدەن، چیتر مۆڕ بونەوە و داخران لەگەڵ ڕۆژدا نایەتەوە و نەک هەر لێرە پێویستە لە ناوخۆی کوردستانیش حکومەت بەرەو کرانەوە بچێت لەگەڵ جەماوەردا و ئەوەندەی ئەتوانێت خزمەت بکات و ئەوەی لە توانایشیدا نیە ڕونکردنەوەی بەردەوامی لەسەر بدات و داوای ڕێگا چارەی بە دەستهێنان لە هەمووان بکات نەک لەکاتی ناتەواویە هەنوکەیەکاندا میدیاکان شانامەی خۆ هەڵکێشان و پاڵەوانیەتی ڕابوردو باس بکەن، فۆرمی داخوازی خەڵک لە دامەزراندن و وەرگرتنی زەوی و خانەنشینی و. . . هتد ماوەی وەڵامدانەوەیان بۆ دیاری بکرێت و ڕاستەوخۆ حکومەت بەرپرسیارێتی داخوازیەکان بێت بەپێی ماف و ڕیزبەندی خاڵ مامەڵەیان لەگەڵدا بکات لە کاتی پێویستدا دانیشتنی ڕوبەڕو لەگەڵ داخوازیکاراندا بکرێت کە ئەمەش ڕوی ڕاستی داواکان زیاتر بەرجەستە دەکات و پشتی پشتگیریە نارەواکانیش دەشکێنێ وەک دەڵێن بە 100 دکتۆر هێندەی دەردەدارێک نازانێ ئێوەش خۆتان لێنەبێت بە هەموو شتێک و وەرنە خوارەوە و بپرسن و گوێ بگرن، دەسەڵات بەدەست و دەستوپێوەندەکانیان لە دامودەزگا میریەکاندا بە ئاماژەدانێک کارەکانیان بە ڕێ دەکرێت فایلی داخوازی خەڵکەکەی تریش تۆزی لەسەر دەنیشێ و خاوەنەکانیشیان بۆ چاوڕاو ئەمبەر و ئەوبەریان پێدەکرێت، چی دەبێت ئەگەر سەرۆک و وەزیرەکان ماوەیەک واز لە ڕێکخستنی ڕوکەش و جوانکاری قاتەکانی بەریان بهێنن و چەند شەوێک کارەبا لە خۆیان بکوژێننەوە و چەند ژمێکی هەژارانەش بخۆن تا لە ئازار و ئاریشەی جەماوەر بگەن، واسیتەداری و گەندەخۆری ڕەوتی ڕاستەقینەی کۆمەڵگای شێواندوە و کەس بڕوای بە سەرە گرتن و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وەرگرتنەوەی وەڵامی داواکاریەکانیان نەماوە و پردی بڕوا بونی نێوان خەڵک و دەسەڵات پساوە بۆیە ئەگەر حکومەت پەلە نەکات ئەوەی ئیمڕۆ هەوڵی چاککاری دەدات پێدەچێت سبەینێ لەگەڵ ڕوخێنەراندا بێت.

بەریتانیا 2007-2-11

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.